# ئاین، قۆربانی بیری تیروور و کلتووری دواکەوتوو ... وەهاب شاه محمد

هاتنە خوارەوەی ئاین وەک پێویستێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەروونی و سیاسی بۆ رێکخستنی باری کۆمەڵ زۆر گرنگبوو لە سەردەمێک کە زۆربەی زۆری فەلسەفە سیاسی و کۆمەڵایەتێکانی ئەم سەردەمەی ئێستا تیایدا گەشەی نەکردبوو. دیارە هەرسێ ئاینە ئاسمانێکان رۆڵێکی گەورەیان لە پێشخستن وگەشەکردنی هەموو ئەو فەلسەفەو زانستانەی ئەمرۆ هەبووە، ئەگەرچی هەرلەسەرەتای هاتنەخوارەوەی ئاینەکانەوە تاکو ئەمرۆ کارەسات و ماڵوێرانی گەورە لەپشت پەردەو ناوی ئاینەوە لەلایەن لایەنانێکەوە ئەنجام دراوە کە خۆیان بەخاوەن ونوێنەرو ئەو سێ ئاینە داناوە.
زۆر لە کێشە کۆمەڵایەتی و ئابورێکان بەهاتنە خوارەوەی هەرسێ ئاینە ئاسمانێکان چارەسەرکرا، بەڵام هەندێ لە داب و نەرێتەکان وەک خۆی مایەوە، بۆیە بە بڵاوبوونەوەی ئاینەکە ئەو داب ونەرێتانەش بڵاوبوەوە، بەتایبەت کاتی بەرپابوونی ئاینی جوولەکە و ئیسلام. ئیسلام نەک تەنها وەک ئاینێک بەناو میلەتانی تر بڵاوەوە، بەڵکۆ کلتورێکی عەرەبیشی لەگەڵ خۆی بڵاوبووەوە. .

گەشە کۆمەڵایەتی و ئابوورێکان لە زۆر وڵاتانی جیهانی بەتایبەت رۆژئاوا لە دوای سەدەکانی ناوەراست رۆڵی ئاینیان لە ناو کۆمەڵگاکان لاوازکرد، بۆیە زۆر لە لایەنەکان داوای جیاکردنەوەی ئاینیان کرد لە سیاسەت و مەسەلەی باوەر و ئاینیان گەرانەوە بۆ بریارێکی تاکەکان لە کۆمەڵگا بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵی بێ هیچ دەستێوەردانی دەسەڵاتدارانی ئاینی. هۆێکی تری لاوازبونی رۆڵی ئاین لە رۆژئاوا، ئەو کارەساتانە بوون کە ئاین دروستیکرد لە کاتی دەسەڵاتداری خۆی، خەڵکیش ئەزمونێکی تاڵیان لەدەسەڵاتی کلیسەکان هەبوو، بەتایبەت چەوسانەوەی زۆرینەی خەڵک لە رووی کۆمەڵاهیەتی و ئابوریەوە.
 هۆێکی تری لاوازبوونی رۆڵی ئاین لە رۆژئاوا کە لەهەمووی گرنگترە، نەبەستنەوەی ئاینی کرستیانی بوو بە هیچ کلتوورێکی دیاریکراو، وەک ئاینی جوولەکەو و ئیسلام. بەهۆی گەشەنەکردنی کۆمەڵگاکان و بوونی میلەتان هیچ ناسنامەێکی نەتەوەی یان کلتورێکی ئەوتۆ لەخودی ئاینی کرستیانی کە پەیوەندی بە عیساو رەگەزی ئەو هەبێ بڵاونەبوەوە، بۆیە ئاینی کرستیانی هیچ کلتورێکی ئەوتۆی لەگەڵ خۆی بڵاونەکردەوە.
دیارە چاوخشانێک بەسەر هەرسێ ئاینە ئاسمانێکان، بە روون و ئاشکرای فەلسەفە مرۆڤایەتێکەی هەرسێ ئاینەکەمان بۆ دەردەکەوێت، کە تیایدا داوا لەهەموو باوەرکەرانی ئاینەکان دەکەن کە رێزێکی تایبەت بۆ پاراستنی مافەکانی بەرامبەرەکان، بەتایبەتی چینی چەوساوە دابنێن، زۆر بەتووندیش بەرامبەر هەموو ئەو کەسانە دەوەستن کە دەیانەوێ لەرێگای بەکارهێنانی بیرو بەرژەوەندی تەسکی تاکایەتی خۆیان کارێک ئەنجام بدەن کەزیانی گیانی، ماڵی وە دەروونی بۆ بەرامبەرەکان درووست بکات.
بێجگە لە ئاینە ئاسمانێکان چەند باوەرێکی ئاینی تریش بەرچاو دەکەون لە مێژوودا کە بەناو میلەتانا بڵاو بونەتەوە، لەوانەش ئاینی زەردەشتی و بوژای، ئاینی زەردەشتی کە کورد و چاند میلەتێکی ئاریایی باوەریان پێ بوو لەبەر هۆی جوگرافی و نەبوونی فەلسەفەێک بۆ چارەسەرکردنی زۆر لە کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورێکان نەییتوانی خۆی

بەرامبەر ئیسلام راگرێ، هەرچی ئاینی بوژی هەیە توانی تاکو ئەمرۆ لەناو ملێۆنەها کەس لە ئاسیاو ئاسیای رۆژهەڵات بمێنێتەوە.
ئیسلام تاکو کۆتای سەدەی نۆزدەهەم، لەبەر گەشەنەکردنی بییری ناسیونالیستی لەلایەن میلەتانی موسڵمانەوە، بەکار نەهێنرا بۆ جیوسانەوەی میلەتان و تاکەکانی ناوکۆمەڵ، تەنها لەسەردەمی عوسمانێکان نەبێت کە ئاینی ئیسلامیان بۆ گەشەدانی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بەکار هێنا، هەندێ جاریش دەیانکرد بە گۆچانی پەلاماردانی ئەو میلەتانەی کە غەیرە موسڵمان بوون، وەک ئەرمەن و یۆنانی کە دژایەتی داگیرکەری تورک بوون.
دیارە ئەمرۆ ئاینی ئیسلام بووە بە گەرمترین باس لە ناو دەسەڵاتدارانی سیاسی و میدیایی جیهانی. رۆژ نیە کارێکی تیرورستی لەلایەن گروپێکەوە ئەنجام نەدرێت بەناو ئیسلامەوە. ئەوجۆرە کارە تیرورستیانەش نەک تەنها بوەتە جێ نیگەرانی وترس لەدڵی خەڵکانی غەیرە موسڵمان، بەڵکو زۆر لەموسڵمانان خۆشیان بوونەتە قوربانی ئەو کارە تیرورستیانە، تەنها لەبەر ئەوەی بیروۆچونیان لیبرالیەو دژ بەهەموو ئەو کارانەن کە بەناوی ئەوانەوە ئەنجام دەدرێ بەڵکو لەبەر ئەوەی شێوەێکی تایبەتیان بۆ ژیانی رۆژانەیان دیاری کردووە.
زۆر لە مۆسڵمانانی کە لە کۆمەڵگا غەیرە ئیسلامێکان ژیان دەبەنەسەر بەچاوێکی گومان و مەترسیەوە تەماشادەکرێن، کە ئەمەش کێشەێکی دەروونی و هەندێ جار گیانیشی بۆ درووست کردوون، زۆر لە میلەتانی غەیرە موسلمان خۆیان دوورەپەرێز رائەگرن لە موسڵمانان، موسڵمانان بە هەرەشەێک بۆ کلتوور و ئاینەکانیان دەبینن و وادەزانن هەموو موسڵمانانی جیهان بیروبۆچونیان بۆ بەرامبەرەکان و مەسەلەکان هەمان بیری ئەو لایەنە تیرورستیانەیە کە بەناوی ئیسلامەوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن.
موسلمانان لە دەرەوەی دنیای ئیسلام تەگەرەو کێشەیان بۆ دێتە پێشەوە، زۆر لە وڵاتان ئەو ئاسانکاریەی کە جاران هەیانبوو لە پێشوازی کردنی بێگانەکان بەتایبەت موسڵمانان ئەمرۆ بەهیچ جۆرێک نایانەوێ رێژەی موسڵمانان لە وڵاتەکەیان زیاتربێت، ئیسلام ئەمرۆ بەداخەوە بووەتە گەورەترین هەرەشەو مەترسی لە دڵی میلەتانی غەیرە ئیسلام، لەوەش ناچێ وابەئاسانی ئەو ترس و گومانە لە ترسی ئەو میلەتانە دەرچێ.
زۆر لەو لایەنانەی ئەو کارە تیرورستیانە ئەنجام دەدەن خەڵکی عەرەبن، بەڵام هەندێ لایەنی غەیرە عەرەبیش هەن تیایاندا، لەوانەش هەندێ کورد، کە ئەمەش جێ نیگەرانی زۆر لە خەڵکانی کوردە. بەهەموو مێژووی خەڵکی کورد تاکو ئەم ماوە کورتەی رابردوو، کارێک لەلایەن تاکەکانی کورد و لایەنە سیاسێکانێوە ئەنجام نەدراوە بەرامبەر خەڵکی سڤیل و بێگوناه وەک لەوەی کە هەندێ کورد ئەمرۆ بەناوی ئیسلام و هاوکاری کردن لەگەڵ هەندێ لایەنی غەیرە کوردی ئەنجامی دەدەن.
زۆر لەو کارەساتە گەورانەی کە بەسەر خەڵکی کورد هات لە ساڵانی رابردوو، کە لە کارەساتەکانی جەنگی جیهانی دووەم کەمتر نەبووە، پاڵی بەهیچ لایەنێکی کوردی نەنا کە بەناوی تۆڵە سەندنەوە پەلاماری خەڵکانێکی بەگوناه و سڤیل بدەن، ئەمەش جێ شانازیە بۆ کورد وە مێژووش وەک کلتورو ئەقلیەتێکی شارستانی و مرۆڤایەتی چاوی لێدەکات. کورد هیچ کام لەو کارەساتانەی ئەنفال و چەکی کیمیاویەی کە بەرامبەری بەکارهێنرا، پاڵی پێوە نەدا کە پەلاماری خەڵکی بێگوناه و سڤیل بدات، ئەگەرچی دەرفەتی ئەمەش زۆرجار هاتۆتە پێش بۆی.
ئەمرۆ هەندێ لایەنی بەناو ئیسلامی دەیانەوێ کلتوور و بیری دواکەوتووی هەندێ میلەتان، کە هەرلەسەرەتای بوونیانەوە بە توندوو تیژی بەناوبانگن، توندوتیژیش بەشێکی جیانەکەرەوەی ئەقلیەت ق کلتورەکەیان پێکدێنێت، بکەن بە بەشێکی کلتوورە کوردێکە،

بەناووی ئاینەوە کۆردیش وەک میلەتێکی خەتەرناک وگومان لێکراو پیشانبدەن بەرامبەر میلەتانی تر.

پێویستە دەسەڵاتی سیاسی کوردی، رۆشنبیران، پیاوانی ئاین و لایەنە ئیسلامیە کوردێکان لەرێگای کەناڵە جیاوازەکانەوە دژ بەهەموو ئەو لایەن و کەسانە راوەستن کە دەیانەوێ کورد بخەنە خانەی کلتووری توندرەو و بیری رەشەوە، کارێک بکەن کە نەوەکانی ئێستاو دوارۆژ لەو جۆرە لایەنانە دوورخەنەوە،پەروەردەێکی میلیش درووست بکرێت کە تیایدا ئیسلام وەک ئاینێکی ئاسمانی بۆرێکخستنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابۆرێکانی کاتی هاتنەخوارەوەی بناسرێ.

پێویستە دەسەڵاتی کوردی و رۆشنبیرانی بیبرێکی کوردی تازە بەرپابکەن کە تیایدا ئاین تەنها پەیوەندێکی نێوان تاکەکان ویەزدان بێت، نەک پەیوەندێکی کۆمەڵایەتی، پەیوەندێک کە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی جۆرێک مامەلە لەگەڵ ئاین بکەن کە کارێکی ئەوتۆی لەسەر ژیانی رۆژانەیان نەبێت و نەکرێ بەکێشەی رۆژانەیان، مرۆڤەکانیش لەرێگای شێوەی ژیان و رەفتاری رۆژانەیانەوە تەنها بەرامبەر یەزدان بەرپرسیاربن و نەک دەوڵەت و کۆمەڵ. پێویستە ئەقلەیەتێک لای تاکەکانی کورد درووست بکرێ کە مەسەلەی باوەر بە ئاین و مامەلەکردن لەگەڵ ئاین تەنها بە پەیوەندێکی دەروونی نێوان تاکەکان و یەزدان بێت بناسرێت، نەک پەیوەندێکی کۆمەڵایەتی کە تیایدا تاکەکانی کۆمەڵ لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی، پیاوانی ئاین و لایەنە ئیسلامێکان بخرێنە ژێر پرسیار وسزا.

پێویستە تاکەکانی کورد ئازادانە مامەلە لەگەڵ ئاین و باوەرەکان بکەن، بێ هیچ دەستێوەردانێک لەلایەن کەسان ولایەنێکەوە، تەنها لایەنێک بەرپرسیاربێت بەرامبەر رەفتار وشێوەی ژیانی تاکەکان یەزدان خۆی بێت، بەمەرجێک رەفتار و شێوەێ ئەو جۆرە ژیانەی تاکەکانی ناو کۆمەڵ هەڵیدەبژێرن زیانی گیانی، ئابووری یان دەروونی بۆ کەسانی تری ناو کۆمەڵ و برژەوەندیە گشتێکان نەبێت.

ئەوانەی کە دەیانەوێ باوەرێکی ئاینی ئازادیان هەبێێت و ژیانی رۆژانەیان بەئارەزووی خۆیان رێکبخەن دوور لە هەموو دەستێوەردانێکی رۆڵێکی باشتر لە بەرەوپێشخستنی کۆمەڵگا دەبینن.

Shah. wahab@gmail. com